# زمانت بگره وبیپارێزه، وبا ماڵەکەت بەس بێت بۆت، وبگری بۆ تاوانەکانت

له عوقبەی کوڕی عامرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئایا ڕزگار بوون له چیدایه؟ فەرمووی: «زمانت بگره وبیپارێزه، وبا ماڵەکەت بەس بێت بۆت، وبگری بۆ تاوانەکانت».

[صەحیحە] [تورموزی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

عوقبەی عامر -ڕەزای خوای لێبێت- پرسیاری له پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرد که چی له سزای قیامەت ڕزگاری دەکات، ئەمەش له نیشانەی سووربوون وخەمخۆری مسوڵمانه سەبارەت به قیامەت. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو: «زمانت بگره وبیپارێزه» پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕێنمایی کرد بۆ پاراستنی زمانی؛ ئەمەش بەهۆی ترسناکی زمان وزۆری زیانی، بۆیه پێویسته مسوڵمان زمانی بپارێزێت، وبێدەنگی بەلاوە باشتر بێت وەکو قسەکردن مەگەر بۆ شتێک نەبێت که سوودی هەبێت بۆ قیامەت یان هەرشتێک که پێویست بێت قسه بکات، ئەگەر نا ئەوا له شتی بێ سوودا باشتر وایه قسه نەکات. «وبا ماڵەکەت بەس بێت بۆت»، واتا: مرۆڤ پێویست به زۆری له ماڵدا بێت وتەنها بۆ شتی پێویست له ماڵ دەربچێت، وبێزار نەبێت له زۆر دانیشتن له ماڵەوە، بەڵکو وەکو دەستکەوت وایه که مرۆڤ ڕزگاری دەبێت له شەڕ وبەڵا وفیتنەکان که لەوەیه تووشی ببێ بەهۆی زۆر تێکەڵاوبوون له گەڵ خەڵکی. «وبگری بۆ تاوانەکانت» واتا: بگری ئەگەر توانیت، ئەگەر نا ئەوا زۆر له خۆت بکه که بگریت وپەشیمان بیتەوە له تاوانەکانت، وتەوبه بکه بۆ لای خودا لەو تاوانانەی ئەنجامت داوە، چونکه خوای گەورە تەوبه قبوڵ دەکات له بەندەکان وله تاوان وگوناهەکان خۆش دەبێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3602

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee